# وەزارەتی گواستنەوە دەسپێکردنەوەی گەشتەکانی نێوان بەغدا- بەسڕە - پەکین ڕادەگەیەنێت

وەزارەتی گواستنەوە ئەمڕۆ سێشەممە ، دەستپێکردنەوەی گەشتەکانی نێوان بەغداوبەسڕەو پەکینی لەمانگی ئایاری داهاتوودا ڕاگەیاند.

وەزارەت ی گواستنەوە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- کە چواری مانگی ئایاری داهاتوو گەشتەکانی نێوان بەغدادو بەسڕەو پەکین دەستپێدەکاتەوە ئەویش پاش وەستانی بەماوەی چوارساڵ، ڕوونیشی کردەوە ئەم هەنگاوە بەفەرمانی وەزیری گواستنەوەی عێراق محەبس سەعداوی ئەنجامدەدرێت.

بەیاننامەکە ئاماژەشی بەوەکردکە پلانی بەگەڕخستنی کەمپانیای گشتی هێڵی عێراقی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەزیری گواستنەوە سەرپەرشتی دەکات فراوانکردن و فرەجۆرکردنی تۆڕی ئاڕاستە دەرەکییەکانی فڕۆکە سەوزەکە لەخۆدەگرێت، ئەم هێڵەش لەنێوان عێراق وچین بە دووەمین هێڵ دادەنرێت پاش هێڵی کوانجۆ.

ئاماژەشی بەوەکرد کە ژمارەی گەشتەکانی خشتەکە دوو گەشتی هەفتانە لەخۆدەگرێت لەهەردوو ڕۆژی شەممەو سێشەممەدا، گەڕانەوەش لە پەکین لەهەردوو ڕۆژی یەکشەممەو چوارشەممەدا دەبێت، جگەلەوەش فڕۆکەی دریم کە خزمەتکردنی باڵای لەخۆگرتووە دابینکراوە و بۆ گەشتە درێژەکان بەکاردەهێنرێت.

لەلایەن خۆیەوە بەڕێوەبەری گشتی هێڵی ئاسمانی عێراقی مەناف عەبدولمونعیم ڕوونی کردەوەکە پلانی

کارکردن کە وەزیر پاڵپشتی لێدەکات بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریەکان لەخۆدەگرێت، جەختیشی کردەوە سەر مکووڕبوونی کۆمپانیاکە لەسەر جێبەجێکردنی ژمارەیەکی زۆری گەشتکردن و زیادکردنی داهاتەکانی هێڵی ئاسمانی عێراقی